# ئەو کەسەی قسە ناکات، نییە:
# بەسەرهاتی پەنابەرە بریندارەکانی کورد*

فەرهاد جەهانمیهەن، سیسیلیا پەرسۆن، هۆمەر شێخمووس

خوێندنەوە: د. هاشم ئەحمەدزادە



پەنابــەری و ژیانی ئاوارەیــی و هەندەران بووەتە چارەنووســی ســەدان هەزار کورد لە چوار گۆشــەی گۆی زەویدا. لێکۆڵینەوە لــە بارەی دیاردەی پەنابــەری و ئاوارەیی، یەک لە بوارە سەرنجراکێشــەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی ئەم سەردەمەیە. هــەر ئەوەی کە بەشــێک لــە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (United Nations) تەرخانی پرسی پەنابەران کراوە، کۆمیسیۆنی بــاڵای پەنابەرانی نەتــەوە یەکگرتووەکان، (UNHCR) نیشاندەری گرنگی و بەربڵاویی ئەم پرسە لە سەرانسەری جیهاندایە. ڕەنگە پرسی ئاوارەیی و دەربەدەری لە دێرزمانەوە بەشــێکی جیانەکراوە بووبێت لە مێژووی کۆمەڵگــە مرۆییــەکان. لــە ســەردەمی مۆدێرندا و لە ئاکامی هاتنەکایەی ناسنامە مۆدێرنــە جۆراجۆرە ئێتنیکــی، نەتەوەیی، ئایینی و سیاسییەکاندا، ئەم پرسە ڕەهەندی نوێتر و بەرفراوانتری بەخۆیەوە بینیوە. زۆر «خود» بۆ ســەلماندنی خۆی «ئەوی» دیکە لە شوێن و وارگەی خۆی دەردەکات. ئێستا بــاس لە هەبوونی ٧٠ ملیــۆن پەنابەر لە سەر گۆی زەویدا دەکرێت. وڵاتانی جیهانی ســێهەم لە ئافریقا و ئاســیا و باشــووری ئامریکا لــەم بارەیەوە پشــکی شــێریان بەرکەوتووە. لەم نێوەشــدا نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری سەدەی بیستەم بەملاوەوە، یەک لــە نەتــەوە ئامادەکانــی گۆڕەپانی ئاوارەیــی بووە و لە چەند دەیەی ڕابردوودا ناوی کورد بە بەردەوامــی لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخــراوە پەنابەرییەکانــدا دەرکەوتووە و هەندێ جار بووەتــە ئایکۆنی بێدەرەتانی و تراژێدیای مرۆڤی لەســەر ئاستی جیهانیدا. کــۆڕەوە مەزنەکــەی بەهــاری ١٩٩١ لە باشووری کوردستان و تەرمە بچکۆلانەکەی ئالانی کورد کە لــە ٢٠١٥ لە کەنارەکانی دەریای ئیژەدا دۆزرایەوە و دڵی ســەرجەم مرۆڤایەتیی ئێشاند، دوو نموونەی بچووکن لــە تراژێدیای مرۆڤی کورد لە کۆتا دەیەی سەدەی بیستەم و دووهەم دەیەی سەدەی بیست و یەکەمدا.

پرســی کۆچبــەران و پەنابەرانی کورد یەک لەو بوارانەیە کە لە ساڵانی ڕابردوودا سەرنجی کۆمەڵێک لە لێکۆڵەرەوانی کورد و بیانیی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و چەندان لێکۆڵینــەوەی بەکەڵکــی ئاکادێمیکی لێ کەوتووەتــەوە. بــەڵام چاوخشــاندنێک بە دۆســیەی لێکۆڵینــەوە لــەم بارەیەدا زۆر دڵخۆشــکەر نییە و هەتــا پێدانی جێگە و پێگەی شیاو بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم پرسە گرنگ و بەربڵاوەدا، پێویستە هەنگاوی زیاتر و زۆرتــر هەڵێندرێتــەوە. کتێبە تازەکەی کۆمەڵێک لێکۆڵــەرەوەی کورد و بیانی لە وڵاتی سوێد هەنگاوێکی شایانی باسکردنە لەم پێوەندییەدا.

کتێبی «ئەو کەسەی قسە ناکات، نییە: بەســەرهاتی پەنابەرە بریندارەکانی کورد»، کە لەلایەن فەرهاد جەهانمیهەن، سیسیلیا پەرســۆن و هۆمەر شێخمووسەوە بەرهەم هاتووە، هەنگاوێکی پیرۆزە لە ڕێرەوەی کەم پێوراوی لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی پەنابەری کورد. ئەم کتێبە بە تەرکیز لەسەر بەشێکی تایبەتیــی پێکهاتــەی پەنابەرانی کورد لە سوێد، بواری لێکۆڵینەوەکەی زۆر سنووردار کردووە و بەم کارەی یارمەتییەکی بەرچاوی کردووە بە بەخشــینی ڕووناکی بە پرســی پەنابەری بەگشتی و پرسی پەنابەری کورد بەتایبەتــی و لەمانەش تایبەتیتر، پرســی پەنابەرانــی برینداربووی کورد لە شــەڕی ڕزگاریدا.

هاوکات و دوابەدوای دامەزرانی دەوڵەت نەتــەوە مۆدێرنەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و ســوریا لــە نیــوەی یەکەمی ســەدەی بیســتەمدا، پرســی کورد ڕەهەندێکی لە هەمیشە زیاتری سیاسیی بەخۆیەوە گرت و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە دێمۆکراتیکە

نەتەوەییەکان، بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانــی مرۆڤی کورد. لە چــوار دەیەی ڕابردوودا ژمارەیەکــی بەرچاوی پەنابەرانی کورد بریتی بووە لەو کەســانەی لە ڕیزی بزووتنــەوە نەتەوەییــە کوردییەکانــدا بەشداری شەڕی ڕزگاری بوونە و لە ئاکامی شەڕدا بریندار بوونە و دواتر ژمارەیەکی زۆر کەمیــان هەلومەرجی ژیان لە هەندەرانیان بۆ ڕەخســاوە. بەشــێک لــەم خەباتکارە کوردانە، ڕێیان کەوتووەتە وڵاتی سوێد کە ژمارەیەکــی بەرچاو پەنابەری کوردی لێیە کە لــە نێویاندا هەندێکیــان برینداربووی شەڕی دژی ئەو دەسەڵاتدارانەن کە بەسەر کوردســتاندا زاڵن. بەم جــۆرە ئەم کتێبە پەردە لەســەر ژیانی پەنابەری و ئاوارەیی کەســانێک هەڵدەداتــەوە کــە ڕۆژگارێک لەوپــەڕی باوەڕ و هێز و غــرورەوە چەکی ڕزگارییان کردووەتە شان و دواتر لە شەڕی نابەرابــەردا برینــدار بوونە و بــە هەزاران چەرمەســەری خۆیان گەیاندووەتە وڵاتی ســوێد. ئەمانە کێن و چۆن ژیان بەســەر دەبــەن و ڕووبەڕووی چ جــۆرە گرفتێک دەبنەوە و کۆســپەکانی سەر ڕێگای ژیانی ڕۆژانەیان کامانەن؟ بێ هیچ گومانێک ژیان و بەســەرهاتی ئەم جۆرە کەسانە دەکرێت ببێت بــە هەوێنی ســەدان لێکۆڵینەوە و هــەزاران بەرهەمی هونەری و ئەدەبی. ئەم کتێبە هەنگاوێکی شیاو بۆ بوارێکی پێویست و گرنگە لە بەسەرهاتی کۆمەڵێک مرۆڤ کە ڕاستەوخۆ گرێدراوی چارەنووسی نەتەوەی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

### با ئاوڕێک لــە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە و باسوخواستەکانی بدەینەوە

هەر لە یەکەم وتاری ئەم کتێبەوە، گێڕانەوەی تاکەکەســیی فەرهاد و بەرهەمهاتنی ئەم کتێبە، تێدەگەین کە فەرهاد جیهانمیهەن، هەڵگری بیرۆکەی ســەرەکیی پشــت ئەم کتێبەیــە. فەرهاد ئەزموونی تاکەکەســیی خۆی لە ســەردەمی منداڵییەوە دەگێڕێتەوە و باســی ئەوە دەکات کــە چۆن دوو برای پێشــمەرگە بوونە و بەشدارییان لە شەڕی چەکداریدا کردووە و هەر ئەم ڕاســتییەش دەبێتە هــۆکاری ئەوەی کە ئــەو دواجار لەگــەڵ بنەماڵەکەی وڵاتــی ئێران بەجێ بهێڵن و ڕێگــەی دژواری پەنابەری بگرنە بەر و لە دوا مەنزڵی هەڵاتهەڵاتی گەڕان بە شــوێن پەناگەیەکدا لە سوێد بگیرسێنەوە. دواتــر فەرهاد کە ســەردانی ماڵی براکانی دەکات و شــەوانە لای ئەوان دەمێنێتەوە، هەست بە کارتێکەریی شەڕ لەسەر براکانی دەکات و شــاهیدی ڕاچەنیــن و خەونی ناخۆشــی شــەوانەی ئەوان دەبێت. ئەمە لای فەرهاد دەبێتە پرســیار و ســاڵانێک دواتر، پرســی تراوما و کارتێکەریی شــەڕ لەســەر بەشــدارانی شــەڕی چەکداری، دەبێت بە یەک لە پرسیارە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانی. ئەم کتێبە بە شــێوەیەک بەدواداچوونی فەرهادە بۆ گەڕان بەشــوێن ئەو پێشمەرگە و گریلایانەی بەشداری شەڕ بوونە و لە ڕەوتی شەڕەکاندا بریندار کراون و ئێســتا لە وڵاتی ســوێد دەژین. فەرهاد بە هاوکاریی پرۆفیسۆرێکی سوێدی، پیریۆ لێهەدنیپێــری، کۆمەڵێک پرســیار گەڵاڵە دەکات و لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠١١دا لەگەڵ بیست و شەش پیشمەرگە و گریلا کە ســەر بە زۆربەی پارتــە کوردییەکانن، دیدار و گفتوگــۆ دەکات و ئەنجام دەبێتە بەشێکی سەرەکیی پرۆژەی ئەم کتێبە. لە کۆتا لاپەڕەی کتێبەکەدا لیســتی نۆ پارتیی سیاســیی کورد ڕیز کراوە کە ئەو بیست و شەش کەسەی چاوپێکەتنیان لەگەڵ کراوە ســەر بەو پارتییانەن. پارتییە سیاسییەکان بریتین لە پارتیی دیمۆکراتی کوردســتان، یەکێتیی نیشــتمانیی کوردستان، پارتیی کۆمۆنیســتی عیراق، حیزبــی دیمۆکراتی

کوردســـتانی ئێران، حیزبـــی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیســـتی ئێـــران (کۆمەڵـــە)، حیزبی کۆمەڵەی کوردستان[**]، سازمانی خەباتی کوردســـتانی ئێران و پارتیـــی کرێکارانی کوردستان.

شـــێوازی گفتوگۆکان بەو جۆرەیە کە وەڵامی پرسیارەکان هەندێ جار ڕاستەوخۆ گواستراونەوە و هەندێ جاریش ناڕاستەوخۆ و لـــە لایـــەن کەســـی پرســـیارکەرەوە دەگێڕدرێنـــەوە. زۆر جـــاران و لـــە زۆر شـــوێنی کتێبەکـــەدا چەند دێڕ شـــیعری شـــاعیرێکی کورد، بـــۆ نموونـــە بێکەس، شـــاکەلی و دەشـــتی، دەبنە ڕازێنەرەوەی دەقە گفتوگۆییـــەکان. ئەمە لەڕاســـتیدا شتێکە زیاتر لە چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆ کە خوێنەر بانگهێشـــتی پرسیار و وەڵامی دیاریکراو بکات. بەڵکوو پرسیارەکان لەسەر بنەمایەکـــی دیاریکراو و بۆ گەیشـــتن بە ئەنجامـــی دیاریکراو و دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسگەلی دیاریکراو گەڵاڵە کراون. ئەمەش لە لێکۆڵینەوەدا شتێکی ئاساییە و توێژەر دەخوازێت بـــە دەستنیشـــانکردنی خاڵی دیاریکراو، ئامانجی دۆزینەوەی وەڵامگەلی دیاریکراو بپێکێت.

هەر وەک ناوی کتێبەکە دەری دەخات، پرسی زمان پرسێکی جەوهەرییە لە ژیانی زەحمەت و پـــڕ لە ئاڵنگاریـــی برینداراني شـــەڕی پێشـــمەرگایەتیدا. لەبـــەر زۆر هۆکاری جەســـتەیی و دەروونی، ڕاهاتن بۆ پەنابەرێکی بریندار لەگەڵ کۆمەڵگەی تازەدا لە زۆر بـــارەوە زۆر زەحمەتترە لە ڕاهاتنی پەنابەرێک کە بەشداری ڕاستەوخۆی شەڕ نەبـــووە و نەکەوتووەتە ژێـــر کارتێکەریی ڕاســـتەوخۆی شـــەڕەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە گرفتە گشـــتییەکانی ژیانـــی پەنابەری لای پەنابەرێک کە بەشداری شەڕ بووە زۆر زیاترن. زمان یەک لەو بوارانەیە. لەڕاستیدا زمـــان کلیلی چوونە نێو کۆمەڵگەی تازەیە. لە بەســـەرهاتی ژیانـــی بەشـــدارانی ئەم چاوپێکەوتنانـــەدا بەردەوام دروســـتبوونی ئەم دەربڕینە خۆی دەردەخات.

لە چاوپێکەوتنەکاندا لایەنی جێندەری، لەبەرچاو گیـــراوە و دوو لە بەشـــداربوانی لێکۆڵینەوەکە ژنن کە زۆر بەوردی باســـی ئەزموونەکانـــی ژیانـــی پێشـــمەرگایەتیی خۆیان دەکـــەن. ئەمە بژاردەیەکی جوانە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کـــە خوێنەر تەنیا دیوی پیاوانەی شەڕ نەبینێت و گێڕانەوەی ژنانەش ببێتە بنەمای بۆچوونەکانی لەسەر شەڕ و کارتێکەرییەکانی.

هـــەر وەک نووســـەرانی کتێبەکـــە ئامـــاژەی پێ دەکەن، ناکرێـــت ئەم کتێبە لـــە باری ژانرییـــەوە بخەیـــە چوارچێوەی ژانرێکـــی دیاریکـــراوەوە. ئەمـــە کتێبێکی تـــەواو ئاکادێمیک نییە کە لە نووســـینیدا هەموو پێوەرەکانی لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئاکادێمیـــک ڕەچاو گیرابـــن. کتێبەکە لە بـــاری ئاماژە بە ســـەرچاوەکانەوە هەڵگری هیچ کام لە پێوەرە ناسراوەکانی ئاماژەپێدان و سەرچاوەنووسی نییە. گەرچی لە کۆتاییی کتێبەکـــەدا لیســـتێکی پێنـــج لاپەڕەیی ســـەرچاوە ڕیز کـــراوە، هەڵبەت بە هەڵە و کەموکوریی بەرچاوەوە، بەڵام دیار نییە لە کوێـــی کتێبەکەدا کەڵک لەو ســـەرچاوانە وەرگیـــراوە و کامـــە لاپـــەڕەی کتێبەکان ئاماژەی ڕاستەوخۆیان پێ دراوە.


ئـــەوەی کـــە کتێبێـــک بەرهەمـــی زیاتـــر لـــە نووســـەرێک بێت لـــە دونیای ئاکادێمیادا شتێکی نامۆ نییە و زۆر کتێبی لێکۆڵینەوەیی واژۆی زیاتر لە کەســـێکیان بەســـەرەوەیە. بەڵام لەم کتێبەدا زەحمەتە بزانـــی کام وتار هی کام نووســـەرە. گەلۆ سەرتاپای کتێبەکە ســـێ قۆڵی نووسراوە؟ گەلۆ ســـێ نووســـەرەکە کاری ئێدیتۆری/ ڕێداکتۆرییان کردووە؟ خوێنەری کتێب لەم

سەردەمەدا چاوەڕوانیی زۆر هاسانکاریی لە نووسەران هەیە و ناتوانێت لەوە تێ بگات چۆن کتێبێکی پێکهاتوو لە چەندین بەش و نزیکەی ٢٠٠ لاپەڕە، هەڵگری پێڕست نەبێت، ئیتر با هەر باسی ئیندێکس نەکەین.

لە هەمان کاتدا ئەم کتێبە بەرهەمێکی ئەدەبییش نییە کە تێیدا خوێنەر بتوانێت شوێنپێی ژیانی بریندارانێک هەڵبگرێت کە بەشێک لە لەشی خۆیان لە ڕەوتی خەباتدا لەدەست داوە و بەم جۆرە شێوازی ژیانیان بۆ هەمیشە گۆڕاوە. ئەم کتێبە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و بیرەوەری بە مانای دیاری ئەم ژانرانەش نییە. بەڵام بێ هیچ شک و گومانێک بابەتە باسکراوەکانی ئەم کتێبە، دەتوانن ببنە هەوێنی هەر دووک بواری لێکۆڵینەوە و ئەدەبی. توێژەران دەتوانن لە لایەنە جۆراجۆرەکانی باسکراو لەم کتێبەدا کەرەسەی پێویست بۆ هەڵسەنگاندنی شێوە ژیانی پەنابەرانی بریندار بەگشتی و پەنابەرانی کورد بەتایبەتی وەدەست بهێنن. ئەدیبان و هونەرمەندانیش دەتوانن سەدان سەرەداوی ئیلهام لەو بەسەرهاتانە وەربگرن و بیکەن بە هەوێنی ئافراندنی هونەری و ئەدەبی. لە دونیای ئاکادێمیی ئێستادا بوارێکی نێواندەقی هەیە کە بە بواری نووسینی زانستیی جەماوەری (popu-lar scientific/ Populärvetenskaplig) ناوزەد دەکرێت. لەم شێوازەی لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنەدا کە بە پلەی یەکەم بواری وتارنووسین دەگرێتەوە، توێژەران هەوڵ دەدەن بە زمانێکی تا ڕادەیەک ساکارتر بوارە زانستییە جیاوازەکان بۆ جەماوەر شی بکەنەوە. ئەم کتێبە، هەڵبەت ئەگەر لە درێژبوونەکەی بگوزەرێین، دەتوانێت نموونەیەکی باشی ئەم لقە لە تێکهەڵکێشانی زانست و خواستی جەماوەری بێت. بەم جۆرە خوێنەری نا ئاکادێمیکی سوێدی دەتوانێت بۆ ئاگاداری لە ڕەوشی ژیان و بەسەرهاتی پەنابەرانی کوردی بەشداربوو لە شەڕی ڕزگاریی وڵاتەکەیان ئاگادار بکرێتەوە.

لە ڕۆژگاری ئێمەدا چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب دیاردەیەکی سەرتاپا کاپیتالیستییە و شوێن و ناوەندی بڵاوکردنەوە دەتوانێت کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر فرۆش و برەوپێدانی بابەت و بواری نووسینێک هەبێت. ئەوەی کە ناوەندێکی جێکەوتووی بەناوبانگ کتێبێک چاپ و بڵاو بکاتەوە، پرسێکی تەنیا سیاسی و ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکو پرسێکی ئابوورییشە. هەڵبەت ئەم بوارانە دیواری چینیان لەنێواندا نییە و ئەم فاکتەرانە بە هاسانی و ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر یەکتر. ئەوەی کە شوێنی چاپی کتێبەکە پۆلۆنیایە (لەهیستان) دەرخەری ئەکتێکی کاپیتالیستییە بۆ هەرزان تەواوبوونی تێچووی ئابووریی کتێبەکە. بەداخەوە چۆنییەتی و ئاستی چاپی کتێبەکە لە خوارییە و زۆربەی سەردێڕی بەشە سەرەکییەکانی کتێبەکە جۆرێک لە کاڵبوونەوە و ڕژانی جەوهەریان پێوە دیارە و ئەمەش جێگەی داخە کە ئەو هەموو زەحمەتە لە باری کڤالیتەی چاپەوە مافی خۆی پێ نەدرابێت. ئەمە پەردە لەسەر دەردێکی دیکە لادەدات و ئەویش پرسی چاپی کتێبە لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان کە لێرەدا ناکرێت باس بکرێت و نووسینی دیکەی پێویستە.

لە کۆتاییی ئەم نووسینەدا حەز دەکەم ئاماژەیەکی کورت بە ناوە سەرنجڕاکێشەکەی ئەم کتێبە بکەم، «ئەوەی قسە ناکات، نییە». ساڵی ٢٠١٢ نووسەرێکی سویدی، ستێن ئاندێرسۆن، کتێبێکی ٧١٢ لاپەڕەیی لەسەر ژیان و بەسەرهاتی فەیلەسۆفی بەناوبانگ لودویگ ویتگێنستەین (١٩٥١-١٨٨٩) نووسی و ناوی کتێبەکەی نا: فەیلەسۆفێک کە



نەیدەویست قسە بکات. زمان وەک یەک لە تێما سەرەکییەکانی ویتگێنستەین بوو و هەڵبژاردنی ئەم ناوە لەلایەن نووسەری ژیاننامەی ئەم فەیلەسوفەوە پڕە لە جوانی و خوازە و هێما. ویتگێنستەین بەوە بەناوبانگە کە بەرهەمی فەیلەسوفانی پێش خۆی نەخوێندبووەوە و خۆی بە سەرەتای فەلسەفە دادەنا و بە کتێبێکی بچووکەوە، تراکتاتوس، کە ئەستەمە لە زۆر بەشی کتێبەکە بگەی، ناوبانگی بە هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەگەر ناوی کتێبەکەی ئاندێرسۆن لەسەر ویتگێنستەین ناوێکی خوازەییە، ئەوە ناوی کتێبەکەی فەرهاد و سیسیلیا و شێخمووس، تیرێکە ڕێک هاویشتراوەتە بابەتێکی ڕاستەقینە و ئامانجەکەشی بەباشی پێکاوە. بۆ ئەوەی هەبی دەبێ بئاخەفی!

نووسەرانی ئەم کتێبە ئاوریان لە پرسێکی گرنگی پەنابەرانی کورد لە سوێد داوەتەوە. ئاوڕدانەوە لە پرس و بەسەرهاتی کەسانێک کە ڕۆژگارێک بە ئاواتی مەزنی ڕزگارییەوە بەشداریی شەڕی ئازادیخوازی بوونە و لەم ڕێبازەدا تووشی خەساری جەستەیی و هەر وەها دەروونی بوونە، ئەرکێکی زانستی و ئەخلاقییە. تێگەیشتن لە هەلومەرجی ژیان و بەسەرهاتی ئەم مرۆڤە فیداکارانە، بەردی بناخەی هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی ئازارگەلێک کە ئەوان کێشاویانە و دەیکێشن. هەر بۆیە کاری ئەم نووسەرانە جێی پێزانین و دەستخۆشی لێ کردنە.

*. لوند: ئێکسترویێم و گارای، ۲۰۲۱. ۱۹۸ لاپەڕە.

*. لێرەدا دەگوترێت کە ڕێبەری ئەم ڕێکخراوەیە عومەر ئێلخانیزادەیە. بەڵام ناوی دروستی ڕێکخراوێک کە عومەر ئێلخانیزادە سەرۆکایەتیی دەکات لەڕاستیدا ئاوایە: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. وێدەچێت نووسەری کتێبەکە لێرەدا ناوی ئەم ڕێکخراوەیەی لەگەڵ ناوی «حیزبی کۆمەڵەی کوردستان» یان «کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» کە لەلایەن عەبدوڵڵا موهتەدییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت لێ تێکەڵ بووبێت.